
تایبەت بۆ ڕۆژی جیهانی منداڵان

خاتخاتۆکە ٨

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە
ژمارە (٨) ی ٢٠٢٦

ڕۆژی جیهانی منداڵان پیرۆز بێت



یەکی شەش
ڕۆژی جیهانی منداڵان



منداڵانی ئازیز:

ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەتان تایبەت بە ڕۆژی جیهانی منداڵان دەرچووەو پێمان خۆش بوو لەم یادە جوانەشدا گۆڤارەکە بکەینە هاوڕێتان.

ڕۆژی منداڵان ڕۆژێکی جیهانییە کە دەکەوێتە یەکی حوزەیرانی هەموو ساڵێك و تایبەتە بە تۆڕی منداڵ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی دەکرێتەوە بەشێوەی جیاواز و ڕۆژی جیاوازیش، لە ساڵی ١٩٢٥ لە کۆنفڕاسێکی جیهانیی بۆ پاراستنی مافی منداڵان کرا و ڕۆژی ١ی حوزەیران ی کردە ڕۆژی منداڵان، بەفەرمیش لەساڵی ١٩٥٠ەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕۆژی ١ی حوزەیران کرا بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان جگە لەچەند وڵاتێک کە لەمانگەکانی ئازار و نیسان و ئایار یادەکە دەگێڕن.

ژمارە (٨) تایبەت ٢٠٢٦
پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە
ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات
لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
07701585241


دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی - ئارەزوو عەبدولخالق

ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک
نۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ: چاپخانەی پاندا
دیزاین: جەلیل حسێن

خاڵخاڵۆکە ٨

ماڵی خاڵم لە کوێیە؟



یەکی شەش

داناز عەبدولڕەحمان

یەکی شەش، هەموو سالّێك
جەژنە بۆ گشت منالّێك
بەزمە، هەرا، فیستیقالّ
ئای چەند خۆشە بۆ منالّ
ئینجا هەموویان پۆل، پۆل
دەچنە ئاهەنگ، گورج و گۆڵ
لەگشت جیهان بەم یادە
منالّان دڵیان شادە
یاخوا گشت رۆژێك هەروا
شادمان بن بێ پەروا
منالّانی کورد ئێوەش
پیرۆزتان بێ یەکی شەش



جەژنی منالّان

تەها بیلال

جەژنی ئێمەی منالّان
بەرواری یەکی شەشە
هەروەک گوڵی ناوباخان
دڵ و دەروونمان گەشە
ئەیکەین بە ئاهەنگ گێڕان
جووڵەو هەڵپەڕکێی لەشە
جەژنی منالّی جیهان
بۆ سپیەو بۆ ڕەشە
کە خۆشە بۆ هەموومان
منالّ تیایدا هاوبەشە



ڕۆژی جیهانی منداڵ

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

ڕۆژی جیهانی منداڵ
جەژنەو خۆشی و فیستیقاڵ
منداڵ هەموو ئامادەن
ئاهەنگی بۆ ساز بکەن
لەگشت لایەکی جیهان
جەژنە ڕۆژی منداڵان
لێرەش لەنێو کوردستان
دەنگی بەرزی منداڵان
بەجۆشترین ئاوازە
تێکەڵ مۆسیقای ڕازە
بەدڵی خۆش و بەختیار
دەیڵێینەوە دەیان جار
ڕۆژی جیهانی منداڵ
بەخێربێیتەوە ئەمساڵ

جەژنی منداڵانە

زارا ئەحمەد جاف

یەکی شەشی هەموو ساڵ
جەژنە بۆ ئێمەی منداڵ
ئاهەنگ و فێستیقاڵە
خۆشترین یادی ساڵە
مۆمان دادەگیرسێنین
خۆشیی خۆمان دەنوێنین
لێرەبێ یان لە هەر جێ
هەر دەبێ مافمان هەبێ
ئاشنای مافەکانمانین
ئایندەی نیشتمانین
تا بەختەوەر بین لە ژین
با هەموومان خۆش بژین
جەژنە، جەژنی هەمووانە
جەژنی گشت منداڵانە



زەلامەکانی ئاری بچکۆل

لەتورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

کورتەباڵاو بچکۆلە بوو, بۆیە ناویان نابوو ئاری چکۆل. ئاری چکۆل هەژار بوو, بەڵام تا بڵێی پاکو خاوێن بوو, پەڵەیەك چیە لەسەر جلوبەرگەکانیدا بەدی نەدەکرا. ئەو پەرتوکانەی هەڵیدەگرت لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە تا کۆتایی ساڵی خوێندن هەروا پاکوخاوێن بوو. قوتابخانەکەی ئاری چکۆل ئەو ساڵە چوون بۆ گەشت و سەیران بۆ دەشت و دەر, قوتابیەکان لەناو بەزم و خۆشی و ئاهەنگدا بوون و هەر منااڵەو لەفەی خۆی بەدەستەوە بوو کە دایکیان یان کەسێکی نزیکیان بۆیان ئامادەکردبوون. بەڵام ئاری چکۆل بێکەس بوو, هاوڕێکانی بەمەیان دەزانی, بەڵام ئەوەیان بەلاوە سەیر بوو کە ئاری چکۆلیش لەفەیەکی بەدەستەوە بوو, کاتێك سەمونەکەی کردەوە, پەنیری قاش قاشکراوو زەیتونی بەتامی تێدابوو, جگە لەوە هێلکەو هەنجیریشی تێدابوو. هاوڕێکانی هێندەی تر سەریان سوڕما.

یەکێك لە منداڵەکان وتی: لەفەکەی ئاری چکۆل چەند جوانە!

منداڵەکان لێیان پرسی: ئەمە کێ بۆی ئامادە کردووی؟

ئاری بە پێکەنینەوە وتی: ئەمە زەلامەکانم بۆیان ئامادە کردووم. من (دە) زەلامم هەیە. پاشان هاوڕێکانی زانییان کە ئەمە زیادەڕۆییە, هەربۆیە هەموو تەماشای یەکتریان کردو یەکێکیان وتی: ئاری گاڵتە

دەکات. یەکێکیان وتی: ئاری درۆ دەکات, درۆیەکی گەورە.
بەڵام ئاری درۆی نەدەکرد, بەڵکو گاڵتەی لەگەڵ هاوڕێکانی دەکرد.
هەربۆیە ئاری بەپێکەنینێکی جوانەوە وتی: دەتانەوێ زەلامەکانم ببینن؟ دەستەکانی لەگیرفانی دەرهێناو پیشانیدان. ئنجا وتی: ئەمانە زەلامەکانمن, دەبێت لەم زەلامانە باشتر هەبێت کە هەمیشە یارمەتیدەرن.



نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد

جەمال شارباژێڕی

ئا: ئارەزوو عەبدولخالق

مامۆستا جەمال ئەمین عارف ساڵی ١٩٤١ لە دێی (سنکێ)ی نزیك دێی واژەی سەر بە قەزای چوارتای شارباژێڕ لەدایکبووەو لە تەمەنی دوو ساڵییەوە خێزانەکەیان چوونەتە شارۆچکەی چوارتاو قۆناغی خوێندنی لە چوارتا تەواوکردووەو منداڵی و بەشێك لە گەنجیەتی لە چوارتا بەسەربردووەو وەك خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: چوارتا لانەی یەکەم نووسینی هۆنراوەم بووە، کە هەر لێرەوە ناردم بۆ رۆژنامەی ژین و بڵاوکرایەوە. پاشان لەبارەی شارباژێڕەوە دەڵێت: شارباژێڕ لانەی لەدایکبوونم، لانەی خۆشەویستانم، ولاتێکی پوخت و جوانە. مامۆستا جەمال، ساڵی ١٩٥٥ بەمەبەستی خوێندن چۆتە شاری سلێمانی و دواترو لەساڵی ١٩٦١ خێزانەکەشی چووەتە سلێمانی.

مامۆستا جەمال شارباژێڕی لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووەو خاوەنی سەدان شیعرە، کۆمەڵێك کتێبی چاپکراوی هەیە. ڕێکەوتی دووشەممە ڕۆژی (٢٠٢٣/٧/١٠) بەهۆی نەخوشییەوە لە بەریتانیا کۆچی دوایکردووەو لە سلێمانی بەخاك سپێردراوە.

هەرچەندە مامۆستا جەمال شارباژێڕی ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت، تاکە هۆنراوەیەکی بۆ منداڵان هەیە، بەناوی بۆ باوکم، بەڵام ئەو هۆنراوەیەی بەدرێژایی پەنجا ساڵە لە پرۆگرامی خوێندندا و لە بابەتی کتێبی کوردیدا دەخوێنرێ و بە گوێی هەموو منداڵێکی باشوری کوردستان ئاشنایەو ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە بە ئەدەبیاتی منداڵان.

هەر لەم ژمارەیەدا هۆنراوەکەیمان بڵاوکردۆتەوە.



قەڵای سرۆچک

ئا: خاڵخاڵۆکە

قەڵای سرۆچک لە ناوچەی شارباژێر، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، نزیک گوندی مۆریاس، سەر بە ناحیەی بەرزنجەی شارباژێڕە (٦٠)کم لە شاری سلێمانییەوە دوورە. قەڵاکە لەناو سروشتێکی دڵگیرو لەسەر شاخێکی بەرز هەڵکەوتووە، ئەم قەڵایە لە بەردو قسڵ لەسەر ڕووبەری (٨٠٠) مەتر دووجا دروستکراوە، دەربارەی مێژووەکەی ڕای جیاواز هەیە، دەگوترێت بنیاتنانی بۆ سەردەمی میرنشینی ئەردەڵان دەگەڕێتەوەو دواتریش بابانەکان بەتایبەت لەکاتی دەسەڵاتی حەمەد بەگ ئەم قەڵایەیان لەساڵانی ١٦٩٩ بۆ ١٨٧٤ بە مەبەستی خۆپاراستن و بەرگری لە دوژمنان بەکارهێناوە.

قەڵای مێژوویی سرۆچک لەدوای قەڵای هەولێر و قەڵای کەرکوک سێیەمین قەڵای کوردستانە.

بەداخەوە لە ئێستادا قەڵاکە پشتگوخراوە و تەنیا بەشێک لە دیوارەکانی بە پێوە ماونەتەوە، لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەگەر زۆرە بەهۆکاری کەشوهەوا بەیەکجاری بڕووخێت و پاشماوەکەیشی نەمێنێتەوە.

دەکرێت لە ئایندەدا لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکانی شوێنەوارو گەشتیارییەوە بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری.



چیرۆک

قۆچی کەڵەکێوی!

نوسینی: سەمیرە گەوهەری - وێنە: ڤیدا کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد تەها عەلی

کرمە چکۆل سەرگەرمی خواردنی گەڵا بوو. بایەکی توند هەڵیکرد، ووژ! ووژ! ووژ! کرمەکەی لەگەڵ خۆیدا برد تا کەوتە سەر چەند گەڵایەک. بە توند باوەشیکرد بە گەڵاکاندا. کاتێک باکە هێواش بووەوە کرمە بچکۆلەکە بەسەر گەڵاکاندا خۆی خلیسکاند و هاتە خوارە لەسەر لقەکە ئاخ! ئاخ! ئۆف! ئۆف !

- بۆچی لقەکانی درەخت ئەوەندە تیژن؟

لەناکاو دارەکە لەرییەوە، کرمەکە وتی: ئەم درەختە بۆچی ئەمڕۆ بەم شێوەیە دەلەرێتەوە؟

دارەکە زیاتر لەرییەوە. کرمە بچووکەکە سەری گێژی خوارد. کەڵەکێوی تازە لە خەو هەڵسابوو، وتی: "سڵاو کرمی بچووک، تۆ لەسەر قۆچەکانی من چیت دەکرد؟"، پاشان هەردووکیان پڕ بە دڵ پێکەنین.

میوانداریی ژێر زەوی

نووسینی: محمدرضارشیدی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: توانا نەوشیروان

هەوا خەریکبوو کەم، کەم ساردی دەکرد، مشکی نابینا لە بەردەم کونەکەیدا وەستابوو. ئەمشەو کرمی زەوی و خێزانەکەی میوانی ئەو بوون.

مشکی نابینا کەمێک نیگەران بوو، لەبەر ئەوەی میوانەکانی هێشتا نەهاتبوون.

بەخۆی وت: میوانەکانم زۆر درەنگ کەوتوون، هیوادارم هیچیان بەسەر نەهاتبێت.

ماڵەکەی مشکی نابینا دوو دەرگای هەبوو؛ دەرگایەکیان ڕووی لەئاسمان بوو، ئەویتریان لەژێر زەویدا بوو.

مشکەکە نەیدەزانی خێزانی کرمی زەویی لەکام دەرگایانەوە دێنە ژورەوە. لە دەرەوەی کونەکەیدا چاوەڕێی ئەوانی دەکرد و دەرگای ژێر زەوییەکەیشی کردبوەوە.

ڕۆژئاوابوو، هیچ هەواڵێک لە میوانەکانییەوە نەبوو!

مشکی نابینا ڕۆیشتە ژورەوە، تا کەمێک گەرمی ببێتەوە.

کرمی زەوی و خێزانەکەیی لە ژورەوە بینی، ئەوان لەدەرگای ژێر زەوییەکەوە هاتبونە ژورەوە، بەڵام لە تاو ماندویەتیدا خەویان لێکەوتبوو.



مشکەکە زۆرخۆشحاڵبوو بە بینینیان. ئەو گەڵا دارەی شەوان دەیدا بەخۆیا و دەخەوت، کرمۆکەکەی ئەوانی پێداپۆشی، بۆئەوەی سەرمای نەبێت.

کونی مشکەکە بچوکبوو، هەربۆیە مشکەکە ئەوشەوە لەدەرەوە خەوت.

بەیانی، کە خەبەری بوەوە، گەڵای دارەکەی بەسەر خۆیەوە بینی. بەخێرایی چووە ناو کونەکەیەوە، تا میوانەکانی ببینێت، بەڵام ئەوان ڕۆیشتبوون و یەک ناوکی سێویان بۆ بە جێهێشتبوو.

دوای چەند ساڵێک، دار سێوێکی گەورە لەبەردەم کونی مشکەکەدا ڕوا.

هەوا کەم، کەم ساردی دەکرد مشکەکە لە ژێر دارسێوەکەدا وەستابوو، ئەو دووبارە میوانی هەبوو.

ـ منداڵە چاوگەشەکان بە بۆچوونی ئێوە ئەمجارەیان لە میواندارییەکەی مشکی نابینادا چ شتێک ڕوودەدات؟



ئادەم و لەیلاو سوپاسی تایبەت

م. ڕێزان محەمەد شەریف

جارێک لە شارۆچکەیەکی بچووکدا خوشک و برایەکی دڵخۆش بە ناوی ئادەم و لەیلا هەبوون، کە لەگەڵ دایک و باوکیان لە ماڵێکی ئارامدا دەژیان، کە زۆریان خۆشدەویستن.

هەموو بەیانیەک دایکیان زوو لە خەو هەڵدەستا تا نانی بەیانیان بۆ ئامادە بکات. جانتای قوتابخانەکانیان کۆدەکردەوە و بیری دەخستنەوە کە کاتێک سارد بوو چاکەتەکانیان لەبەر بکەن. باوکی بە پێ دەیبردنە قوتابخانەو لە ڕێگادا نوکتەی پێکەنیناوی بۆ دەگێڕانەوە. هەندێک جار،قسەکانی هێندە پێکەنیناوی بوون، کە ئادەم و لەیلا لە پێکەنینی زۆردا سکیان ژانی دەکرد!

بەیانییەکی شەممە، ئادەم و لەیلا لە خەو هەڵسان و یاداشتێکیان لەسەر مێزی چێشتخانەکە دۆزییەوە. کە نووسیبووی؛

ئادەم و لەیلای ئازیز، ئەمڕۆ ڕۆژی پشوودانی دایە و بابەیە ئێمە لە باخچەدا دەبین.

خۆشەویستی، دایە و بابە

ئادەم سەری خۆی خوراندو وتی ئەوە مانای چییە؟

لەیلا بە پێکەنینەوە وتی: پێموایە مانای ئەوەیە نۆرەی ئێمەیە، ئاگاداریان بین.

بۆیە ئەو دووانە دەستیان بە کارەکانیان کرد. ئادەم چای بۆ دایکی برد و بسکیتێکیشی بۆ دانا. لەیلا وێنەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی کێشا، کە بە خەتێکی درەوشاوە لەسەری نووسرابوو "خۆشمان دەوێیت! پاشان، ژووورەکانیان ڕێکخست، جل شۆردنەکەیان تاودا، مێزەکەیان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دانا.

لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا، ئادەم و لەیلا دایک و باوکیان بۆ ژووورەوە بانگهێشت کرد. مێزەکە پڕ بوو لە پارو و میوەو شەربەت. دایکی زەردەخەنەی کرد و باوکی باوەشێکی گەورەی بە هەردووکیاندا کرد.

لەیلا وتی: ویستمان بڵێین سوپاس.

ئادەمیش وتی: بۆ ئەوەی ئێمە لە خەو هەڵمان دەستێنی، نانی بەیانیمان بۆ ئامادە دەکەیت و لە ئەرکەکانی ماڵەوەدا یارمەتیمان دەدەیت، هەموو شەوێکیش چیرۆکەکانی بەر لە خەوتنمان بۆ دەگێڕیتەوە.

دایکی فرمێسکێکی خۆشی لە چاوی خۆی سڕییەوە.

باوەشێکی گەرمی پێدا کردن و وتی ئێوە گەورە بوون، ئازیزەکانم !



لەیلا وتی: بەڵام ئێمە ویستمان. چونکە ئێوە زۆر شت بۆ ئێمە دەکەن.
لەو ڕۆژەوە ئادەم و لەیلا بڕیاریاندا کە زۆرتر بڵێن سوپاس، کاتێک دایک و باوکیان قسەیان دەکرد گوێیان لێ بگرن و هەرکاتێک بتوانن یارمەتیان بدەن. فێربوون کە نیشاندانی ڕێز تەنها بە قسە نییە، بەڵکو کردارەو پەیوەندی بە گرنگیدان و یارمەتیدان و میهرەبانییەوە هەیە.
دایک و باوکی هەستیان بە شانازی دەکرد، دەیانزانی منداڵەکانیان گەورە دەبن و دەبنە کەسێکی بیرمەند و خۆشەویست.

بۆ باوکم

جەمال شارباژێڕی

خۆشەویستەکەی ژینم
باخەوان و پەرژینم
سڵاوی زۆر بەتینم
بۆ تۆ باوکی شیرینم
مایەی شانازی منی
سۆزی ئاوازی منی
بەهرەی بەختیاریمە
ئەم نامەیەم دیاریمە
خۆشەویستەکەم بابە
لە ئێمە دڵنیابە
تێدەکۆشین بێوچان
بۆ سەربەرزی نیشتمان



جاڵجاڵۆکەی بچووک



١- قوڕەکە بە باشی دەشێلین. سێ تۆپەڵی بچووک دروست دەکەین، یەکێک بچووک و یەکێک مامناوەند و یەکێکیان گەورە.

٢- تۆپەڵە گەورەکە بە کەمێک ئاو دەنێین بە تۆپەڵە مامناوەندەکەوە. پاشان تۆپەڵە بچووکەکەش دەنێین بە تۆپەڵە مامناوەندەکەوە.

٣- دەزوویەک دەکەین بەناو دەنکۆڵە ڕەنگاوڕەنگەکانداو سەری دەزووەکەش دەبەستین.

٤- هەر یەکێک لە دەزووی دەنکۆڵەکان دەبەستینەوە بە جەستەی جاڵجاڵۆکەوە.

٥- بچووکترین دەنکۆڵە سەری جاڵجاڵۆکەیە، دوو شاخی بۆ دروست دەکەین و دوو دەنکۆڵە بۆ چاوەکانی دادەنێین. دەنکۆڵەیەکیش دەنێین بە لوتی جاڵجاڵۆکەوە.



گیانداران و خواردن بەتام و چێژەوە



لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

هەموو گیانداران خواردن دەخۆن. شێوازی خۆراک خواردنیان لەیەک جیاوازە. بۆیە خۆراک خواردنیان زۆر سەیر و سەمەرە و سەرنجڕاکێشە.



هەنگ: هەنگەکان بەهۆی دەمی شێوە درێژکۆلەیانەوە شیلەی گوڵەکان دەخوات.



هەنگەخۆرکە (مێشەخۆر): بەهۆی دەنوکە باریک و درێژەکەیەوە شیلەی گوڵەکان دەخوات.

کۆتر و چۆلەکەکان: بەدەنووکە کورت و پانەکەیان هەموو جۆرە دانەوێلەیەک دەخۆن.





زەرافە: بەهۆی مل و زمانی درێژییەوە، گەڵای لقی بەرزی دارەکان دەخوات.

کەرۆێشک: ددانی کەرۆێشک پان و گەورەن. حەزی لەخواردنی ڕەگ و ڕیشەی دار و سەوزەیە.

تیمساح: تیمساح خواردنەکەی ناجوێت. قووتی دەدات.

حەربا: بەهۆی زمانە لینج و درێژەکەیەوە مێرووەکان ڕاو دەکات و دەیان خوات.

کاتی پشوو



یاری

ناوی هەر وێنەیەک
وەک نمونەی خشتەکە
بنوسە.



هەندێ شت هەیە
کە زستانان لە پۆلدا
سودیان لێوەردەگیرێت،
بیاندۆزەرەوە.

ئەم قوتابییە نازانێ
سەعاتە دەستییەکەی لە
کوێ داناوە. یارمەتی بدە
تا سەعاتەکەی بدۆزێتەوە.

ئەم قوتابییە وێنەی
چ ئاژەڵێک دەکێشێ؟
ناوی ئاژەڵەکە لە
دەفتەرەکەیدا بنوسە.


لەهەر ڕەفەیەکی کتێبخانەکەدا چەند کتێب دەبینی؟ لەتەنیشت هەر ڕەفەیەک ژمارەی کتێبەکان بنوسە.
ڕەفتاری کام یەک لە قوتابییەکان نادروستەو بۆچی؟
بە بۆچوونی تۆ مل پێچی کوڕەکە چ ڕەنگە؟ ڕەنگی بکە.



خەتخەتێن

ئا: ئەنوەر شارباژێڕی

ئەم یارییە بۆ کچانە، ئەگەرچی زۆر منداڵی کوڕیش حەزیان لەم یارییە دەکردو دەیانکرد. دوو سێ منداڵ بە دەباشیر چەند خانەیەک ئەکێشن و بۆ یەکەم نۆرە فیکلاکۆی بۆ دەکەن، جا یەکەم کەس کە دەرچوو بەردێکی خشتی پێیەو نزیک یەکەم خانە ئەوەستێ و بەردەکە هەڵ ئەداتە ناو خانەکەوە ئەوجا قاچێکی هەڵدەنێ و لە یەکەم خانەوە لە بەردەکە هەڵدەدا بۆ دووەم خانە تا خانەی چوارەم، ئەوکاتە بەهەمان شێوە ئەیگەڕێنێتەوە بۆ یەکەم خانەو هەڵی ئەداتە دەرەوە، دوای ئەوە بەردەکە هەڵدەگرێ و بەدەست ئەیهاوێ بۆ خانەی دووەم، دیسانەوە دەست پێ ئەکا بە مەرجێ نابێ لەکاتی تێپەڕبوونی بەردەکە لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی تر بکەوێتە سەر خەت یا لە کاتی هەڵدانی بەردەکە بۆ خانەکان خۆ ئەگەر هات و لە هەر خانەیەک نەیتوانی بەردەکە بگەڕێنێتەوە دەرێ بە سەلامەتی ئەوا تێ ئەکەوێ و چاوەڕوانی ئەوە ئەکات کە نۆرەی بێتەوە. هەروەها لەم یارییەدا پشوو نییە تا بەردەکە دێنێتەوە دەرەوە نابێ قاچ دابنێ.



بەڵام جۆرێکی تر هەیە لەم خەتخەتێنە ئەویش دوو خانە لە تەنیشتی یەک ئەکێشن ئینجا خانەیەک لە ناوەڕاستی هەردووکیان، دوای ئەوە دوو خانەی تر هەروەک یەکەم دوای ئەوە سێ خانە لەسەر یەک ئەو خانەیەی ناوەڕاست لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەدا بۆ پشوودانە.

بەمجۆرە ئەبێ بەردەکە بەناو هەموو خانەکاندا بڕوا لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی ترو لە خەتیش نەوەستێ.

خاڵخاڵۆکە

سەردار قادر

خاڵخاڵۆکە جوان دیاری
وەرە دەست کەین بە یاری
دەی لەگەڵما باڵ بگرە
بە ئارەزووی خۆت بفڕە
تاوێ خێرا تاوێ خاو
دەچین بۆ لای کانی و ئاو
دەی بفڕە بۆ سەر شانم
هاوڕێی بێدەنگی جوانم
چەند جوانی کە بەرز دەفڕی
لەگەڵ با ئاسمان دەبڕی
ڕاوەستە خێرا مەڕۆ
با منیش بێم لەگەڵ تۆ

